هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرچوو

ژمارە: ٨٦٧٣ No:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢١ی زایینی Date:
/ / ٢٧٢١ی کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١)

## ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان
## ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢١)ی ئەنجومەنی وەزارەت لە (تەوەری سێیەم: کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/خاڵی ١٨) و پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە هۆی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر کە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون، **بڕیاردرا بە:-**

- هەموارکردنەوەی (تەوەری دووەم: خاڵی ٦) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و هەروەها (تەوەری دووەم: خاڵی ٧) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** ماوەی خوێندنی باڵا/ماستەر بریتییە لە (٢) دوو ساڵ، هەروەها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە، لە کاتی پێویستدا وەزیر دەسەڵاتی دەبێت بۆ درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بە بێ مووچە (کە دوایین درێژکردنەوەیە)، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت. لە حاڵەتی درێژکردنەوە بۆ جاری سێیەم، سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە تاوەکو تەواوبوونی ماوەکە بەردەوام بێت لە سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامەی قوتابی/خوێندکارەکە.

**دووەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**خالد سلام سعيد شواني**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**(بە وەکالەت)**




**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەرێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .